# ڕاسپاردە شکاوەکان

دەرچوون ٣٢

لە سێ وانەی ڕابردووماندا بینیمان چۆن خودا لەگەڵ هۆزەکانی ئیسرائیل دوا لە چیای سینا و لەناوەڕاستی ئاگر و بروسك و هەورەتریشقە، و دە ڕاسپاردە پیرۆزەکەی خۆی پێیان بەخشی. هەروەها بینیمان چۆن خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل کرد کە قوربانگایەك لە لێوار چیای سینا دروست بکەن و هەندێك ئاژەڵی بێ عەیب بکەن پێشکەش بکەن وەك قوربانی.

بۆچی خودا فەرمانی بە قوربانی ئاژەڵ دا؟ خودا فەرمانی پێ دا چونکە ئەو ڕاستودرووستە و یاسا پارساکەی ڕایدەگەیێنێ: ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە... هەر کەسێک گوناه بکات سەرپێچی دەکات، چونکە گوناه سەرپێچییە...کرێی گوناه مردنە. (یاقوب ٢: ١٠ و ١یۆحەننا ٣: ٤ و ڕۆما ٦: ٢٣) چونکە گەلی ئیسرائیل نەیانتوانی هەموو ڕاسپاردەکانی خودا بپارێزن، دەبوایە قوربانیەکی بێ عەیب پێشکەش بە خودا بکەن، تاکو ئاژەڵە بێ تاوانەکە بمرێت وەکو جێگری کەسە تاوانبارەکە. ئاژەڵەکە دەبوایە ژیانی خۆی دابنا بۆ ئەوەی کەسی گوناهبار نەمرێت. بەم شێوەیە خودا سەلماندی کە ڕاستودرووستە و ناتوانێ لە گوناه ببورێ لەسەر بنەمای کردەوەی مرۆڤ. خودا دەتوانێ لە گوناه خۆش بێت تەنها لەسەر بنەمای خوێنی قوربانێکی تەواو.

وانەی ئەمرۆمان بەناوی، ***ڕاسپاردە شکاوەکانە***. تا ئەم خاڵە لە چیرۆکی پێغەمبەر موسا و هۆزەکانی ئیسرائیل، ئەوان هێشتا لەپێش چیا سینا چادریان هەڵداوە لە بیابان. با بگەڕێنەوە بۆ تەورات بزانین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی خودا دە ڕاسپاردەکەی پێیان بەخشی. لەبەشی بیست و چواری سیپارەی دەرچوون دەخوێنینەوە. (دەرچوون ٢٤) [12] خوداوەند بە موسای فەرموو: (سەر بکەوە بۆ لام بۆ کێوەکە و لەوێ بە، دوو تەختە بەردت دەدەمێ، فێکردنەکان و فرمانەکانی تیادایە کە نووسیوومن بۆ فێرکردنیان.) [13] جا موسا و یەشوعی خزمەتکاری هەستان، ئینجا موسا بۆ کێوی خودا سەر کەوت. [14] بە پیرانیشی وت: (لێرە چاوەڕێمان بکەن تا دەگەڕێینەوە لاتان، ئەوەتا هارون و حووریش لەگەڵتانن، گەر یەکێک داواکاری یاخود ناکۆکی هەبوو با بچێتە لایان.) [15] ئیتر موسا سەر کێوەکە کەوت و هەور کێوەکەی داپۆشی. [16] شکۆمەندی خوداوەندیش لەسەر کێوی سینا نیشتەوە و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ هەور کێوەکەی داپۆشی، لە ڕۆژی حەوتەمدا لە نێو هەورەوە موسای بانگ کرد. [17] دیمەنی شکۆمەندی خوداوەندیش وەک ئاگرێکی بڵێسەداری بەتین بوو لەسەر کێو لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل. [18] ئینجا موسا هاتە ناو هەورەکەوە و بۆ سەر کێوەکە سەر کەوت. جا موسا چل ڕۆژ و چل شەوی پێچوو لە کێوەکە.

با ڕاوەستین لێرە. لە دیراسەتی داهاتووماندا، فێردەبین خودا چی بە موسا فەرموو لە ماوەی ئەو چل ڕۆژەدا لەسەر چیای سینا. بەڵام بۆ ئەمرۆ، دەبینین چی ڕووی دا بەسەر گەلی ئیسرائیل لە خێوەتگاکەیان لە خوار چیای سینا کە چاوەڕێی گەڕانەوەی موسایان دەکرد. هەموومان دەزانین چاوەڕێ کردنی نەوەی ئادەم بە ئارامییەوە بۆ خودا ئاسان نیە. بۆ ئێمە ئاسان ترە واز بێنین و ووشەی خودا لەبیر بکەین و بەڕێی خۆماندا بڕۆین. بۆیە، ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە دەربارەی گەلی ئیسرائیل زۆر گرنگە بۆمان — زۆر زۆر گرنگ. خودا دەیەوێ ئاگادارمان بکاتەوە لەڕێگای ئەم چیرۆکە سەیرە.

لەبەشی سی و دوو دەخوێنینەوە: (دەرچوون ٣٢) [1] کاتێک گەل بینی موسا دوا کەوت لە هاتنە خوارەوە لە کێوەکە، جا لەسەر هارون کۆ بوونەوە و پێیان وت: (وەرە! چەند خودایەکمان بۆ دروست بکە لە پێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی لە خاکی میسرەوە سەری خستین نازانین چی لێهات.) [2] هارونیش پێی وتن: (ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژنەکانتان و کوڕەکانتان و کچەکانتاندان لێی بکەنەوە و بۆمی بهێنن.) [3] جا هەموو گەل ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە و بۆ هارونیان هێنا. [4] ئەویش لە دەستیانی وەرگرت و بە سومبە وێنەی کێشا و کردی بە گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراو، جا وتیان: (ئەمە خوداکەتە ئەی

ئیسرائیل، ئەوەی لە خاکی میسرەوە تۆی دەرهێنا.)

دەبینی گەلی ئیسرائیل چیان دەکرد؟ زۆر تێنەپەڕی لەپاش ئەوەی کە وتیان، (هەرچی پەروەردگار بیڵێت دەیکەین!) دەبینین یەکەم و دووەم ڕاسپاردەی خودایان شکاند کە تازە لەسەر چیای سینا پێیانی دا! خودا پێیانی فەرموو، یەکەم: (لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت.) دووەم: (پەیکەر بۆ خۆت دروست ناکەیت.) ئەی گەلی ئیسرائیل چییان کرد؟ پشتیان لە خودا کرد و پەیکەریان بۆ خۆیان درووست کرد لە وێنەی گۆلکێك وەك ئەو بتەی لە میسر بینیبویان.

بۆچی گەلی ئیسرائیل وا زوو پشتیان لە خودا و ووشەی کرد؟ لەبەر ئەوەی ئەوان ویستیان خودایەك بوو کە بتوانن بیبینن و دەستی لێ بدەن. وەك خەڵکی ئەم زەمانەن کە پشت لە ووشەی خودا دەکەن و بەدوای مرۆڤ و داب و نەریتیان دەکەون. شوێن کەوتنی مرۆڤێك کە چاو دەتوانێ ببینێ ئاسان ترە لە شوێن کەوتنی خودا کە کەس ناتوانێ ببینێ. لەبەر ئەوەیە زۆربەی نەوەی ئادەم بیروبۆچوونی مرۆڤ، کە بنەمایەکی بەهێزی نیە لە جێگای ووشەی ڕاستی خودا دادەنەن.

با ئێستاش ببینین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی گەلی ئیسرائیل گولکە زێڕینەکەیان بۆ خۆیان درووست کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٣٢) کاتێک هارون بینی، قوربانگەیەکی لە پێش گوێرەکەکە دروست کرد و بانگەوازی دا و وتی: (بەیانی جەژنە بۆ خوداوەند. ئینجا بەیانی زوو هەستان و قوربانی سووتاندنیان سەر خست و قوربانی هاوبەشییان پێشکەش کرد، ئینجا گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان هەستان بۆ ڕابواردن.

گوێت لێیە هارون چی کرد؟ نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە: قوربانگەیەکی لە پێش گوێرەکەکە دروست کرد و بانگەوازی دا و وتی: (بەیانی جەژنە بۆ خوداوەند.) ئەوە ڕاستییەکە بوو؟ ئایا گەلی ئیسرائیل دیانتوانی پەروەردگار بەو شێوەیە بپەرستن؟ بێ گومان نەخێر! دەزانین کە خودا هیچ بەشێك نەبوو لەو فیستیڤاڵی پەرستنەی ئەوان خەریکی ڕێکخستنی بوون. ئێستا ئەوان نەکە تەنها یەکەم و دووەم ڕاسپاردەیان شکاندووە، بەڵکو سێیەمیش کە دەڵێت: (ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە) (پەروەردگار خودا! خودا، خودا، خودا!) لەسەر زمانیان بوو، بەڵام دڵیان زۆر لێی دوور بوو. پەرستنەکەیان پووچەڵ بوو. ووشەکانیان دەربارەی خودا بێ بەها بوو. نوێژەکانیان تەنها چەن کرنۆش بردنێکی بێ مانابوو کەتەنها خودای توڕە دەکرد!

ئێستاش با چیرۆکەکە تەواو بکەین: (دەرچوون ٣٢) [7] جا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ خوارەوە، چونکە گەلەکەت گەندەڵ بوو، ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەرت خست. [8] زوو لایان دا لەو ڕێگایەی کە فەرمانم پێکردن، گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراویان بۆ خۆیان دروست کردووە و کڕنۆشی بۆ دەبەن و قوربانی بۆ سەر دەبڕن و دەڵێن، (ئەمە خوداتە ئەی ئیسرائیل، ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەری خستیت.) [9] هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: (تەماشای ئەم گەلەم کرد و ئەوەتا گەلێکی کەللەڕەقن. [10] ئێستاش لێم گەڕێ با تووڕەییم بەسەریاند بێتە جۆش و کۆتایان پێ بهێنم، تۆش دەکەم بە گەلێکی مەزن.)
[11] موساش لە خوداوەند خودای پاڕایەوە و وتی: (خوداوەند، بۆ چی تووڕەییت بەسەر گەلەکەت دێتە جۆش، کە لە خاکی میسرەوە بە توانایەکی مەزن و دەستێکی بەهێزەوە دەرت هێنا؟ [12] بۆ چی میسرییەکان بڵێن، (بە نیاز خراپی دەری هێنان تا لە کێوەکان بیانکوژێت و لەسەر ڕووی زەوی نەیانهێڵێت؟) لە جۆشی تووڕەیت بگەڕێوە و پەشیمان بەوە لەوەی خراپە بە گەلەکەت بکەیت.
[13] ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی خزمەتکارانت بەبیر بێتەوە کە بە گیانی خۆت سوێندت بۆیان خوارد و پێیانت فەرموو، نەوەکانتان زۆر دەکەم وەک ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو ئەم خاکەش کە باسم کرد، دەیدەم بە نەوەکانتان و دەبێتە موڵکیان بۆ تاهەتایە.()
[14] جا خوداوەند پەشیمان بووەوە لەو کارەساتەی فەرمووی، کە ویستی بە گەلەکەی بکات. [15] جا موسا ڕووی وەرگێڕا و لە کێوەکە هاتە خوارەوە و هەردوو تەختەی شایەتییەکەش بەدەستیەوە بوو، ئەو تەختانەی لە هەردوو ڕووەکەی نووسرابوون، لەم لاو لەو لاوە نووسرابوون. [16] تەختەکان دەستکردی خودان و نووسینەکەش نووسینی خودایە لەسەر تەختەکان نەخش کراوە. [17] کاتێک یەشوع گوێی لە دەنگی گەل بوو کە هاواریان دەکرد، بە موسای وت: (دەنگی جەنگە لە ئۆردوگاکە!) [18] ئەویش وتی: (نە دەنگی هاواری

سەرکەوتنە، نە دەنگی هاواری دۆڕاننە، بەڵکو دەنگی گۆرانییە، ئەوەی گوێم لێیە.)
١٩ئەوە بوو کاتێک لە ئۆردوگاکە نزیک کەوتەوە، چاوی بە گوێرەکە و سەما کەوت، جا تووڕەیی موسا جۆشا و هەردوو تەختەکەی
لە دەستیەوە فڕێ دا و لە خوار کێوەکە شکاندنی. ٢٠ ئینجا ئەو گوێرەکەیەی دروستیان کردبوو بردی و بە ئاگر سووتاندی و هاڕی تا
بوو بە تۆز و بەسەر ئاوەکەدا بەبای کرد و ئاوەکەی بە نەوەی ئیسرائیل خواردەوە. ٢١ موسا بە هارونی وت: (ئەم گەلە چییان
لێکردوویت تا ئەو گوناهە گەورەیەیان بەسەر بهێنیت؟) ٢٢ هارونیش وتی: (با تووڕەیی گەورەم نەجۆشێت، خۆت ئەم گەلە دەناسیت
کە لە خراپە دایە. ٢٣ پێیان وتم، (چەند خودایەکمان بۆ دروست بکە لە پێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی لە خاکی
میسرەوە سەری خستین، نازانین چی لێهات.) ٢٤ منیش پێم وتن، (کێ زێڕی هەیە با لێی بکاتەوە و بمداتێ، جا فڕێم دایە ناو
ئاگرەوە و ئەم گوێرەکەیەی لێ دەرچوو!) ٢٥ موسا بینی گەل بەڕەڵا کراوە، چونکە هارون بەڕەڵای کردبوون تا ببن بە گاڵتەجاڕ لەنێو
بەرهەڵستکارانیاندا. ٢٦ ئینجا موسا لە دەروازەی ئۆردوگاکە وەستا و وتی: (کێ بۆ خوداوەندە با بێتە لام.) جا هەموو نەوەی لێڤی لێی
کۆ بوونەوە. ٢٧ ئەویش پێی وتن: (خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای وت، (با هەریەکە شمشێرەکەی بکات بە لاڕانیەوە، دەروازە بە
دەروازە بە ئۆردوگاکەدا تێبپەڕن و بگەڕێنەوە، با هەریەکە و بکوژێت، جا برای بێت یان هاوڕێ یان هاوسێ.) ٢٨ نەوەی لێڤیش وایان
کرد، وەک موسا وتی و ئەو ڕۆژە نزیکەی سێ هەزار پیاو لەگەل کەوتن. ٣٥ ئیتر خوداوەند بە دەرد لە گەلی دا لەسەر ئەوەی
لەگەڵ گوێرەکەکە کردیان کە هارون دروستی کرد.


لەپاش ئەمە، پەروەردگار بە موسای فەرموو کە دوو تەختەی بەردین درووست بکات بۆ ئەوەی لەباتی ئەوانەی شکاندی بگرێتەوە. لەسەر ئەوانە پەروەردگار دووبارە دە ڕاسپاردەکانی نووسییەوە کەوا گەلی ئیسرائیل شکاندیان. چ گوناهێکی مەزن بوو گەلی ئیسرائیل کردیان! یاسای پارسای خودایان شکاند. دڵی خراپەکاری مرۆڤ دووبارە خۆی بەدەر خستەوە. سەرەڕای ئەو هەموو شتەی پەروەردگار بۆ نەوەی ئیسرائیلی کرد، دەبینین چۆن زوو ڕێگای ڕاستودرووستییان بەجێ هێشت کە خودا دایمەزراندووە. ڕێگایەکی تریان هەڵبژارد شوێنی بکەون، ئایینێکی تر بۆ خۆیان درووست بکەن. ڕێگای کردەوەی دەستی خۆیان هەڵبژارد. پشتیان لەو ڕێگایەی کە خودا دایمەزراندووە کرد و خۆشییان دەردەبڕی بە ئایینێك کە بۆ خۆیانیان هەڵبژاردبوو. ناوی خودا لەسەر لێویان بوو، بەڵام دڵیان زۆر لێی دوور بوو! بۆیە وا سنووریان بەزاند و گولکێکیان داڕشت بە کانزا، و خۆشییان دەردەبڕی بە کردەوەی دەستیان و پشتیان لە خودای زیندوو و ڕاستەقینە کرد.

خودا دەیەوێ چیمان فێربکات لەم چیرۆکە سەیرە؟ خودا دەیەوێ بیر لە مەوقفمان بکەینەوە و بزانین پەیوەندیمان لەگەڵی چۆنە. ڕەنگە هەندێ کەس هەبن کە بیربکەنەوە و بڵێن: (من وەك گەلی ئیسرائیل نیم. قەت پشتم لە خودا نەکردووە و هەرگیز بتم نەپەرستووە.) ئەی ئەو کەسەی وا بیردەکەیەوە، ئایا بەتەواوی دڵنیای کە هەرگیز بتت نەپەرستووە؟ ڕەنگە بتێکت دانەڕشتبێ بە کانزا بۆ خۆت. بەڵام بت هەر ئەوە نیە شێوەیەکی تراشراو بێت و بپەرسترێت. بت هەموو شتێکە کە بکەوێتە نێوان ئێمە و خودا. دەکرێ بت پارە بێت یان جل و بەرگ یان سێکس، تەلەفزیۆن، خۆت، یەکێکی تر وەك خۆت یان داب و نەریتی باب و باپیرانت. هەندێ کەس خۆیان بە دوعا و نووشتە دەبەستنەوە. هەندێ کەسی تر ئەرکە ئایینەکانی خۆیان کردۆتە بت بۆ خۆیان، گرنگی زیاتر بە نوێژ و بە ڕۆژوبوون دەدەن لەوەی گوێ لە ووشەی خودا بگرن! هەرچی شتێك جێگای خودا و ڕاستی خودا بگرێتەوە ئەوا بتە.

کێ خودای تۆیە؟ کێ دەپەرستی بەڕاستی، پەروەردگار خودا یاخود بت؟ ئایا ناوی خودا تەنها لەسەر زمانتە یاخود ناوی ئەو چۆتە ناو دڵتەوە؟ شتێك هەیە ئەو کەسانە جیا دەکاتەوە کە بەڕاستی خودا دەپەرستن لەوانەی بت دەپەرستن. ئەویش ووشەی خودایە. مەوقفت چیە بەرامبەر ووشەی ڕاستەقینەی خودا؟ ووشەی خودا دەناسی؟ باوەڕت پێی هەیە؟ پڕ بەدڵت خۆشت دەوێ؟ یاخود تۆش وەك گەلی ئیسرائیلی کە خودا سەبارەت بەوان فەرمووی: ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵی لێم دوورە. ئەوان بەخۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە. (مەتا ١٥: ٨، ٩)

ئەی دەربارەی تۆ؟ کێ بەڕاستی دەپەرستی، خودای ڕاستودرووست کەوا یاسا ڕاستودرووستەکەی دا بە موسا؟ باوەڕت بە ووشەی ئەو هەیە؟ یاخود هیوای خۆت لای کرداری ئایینی خۆت دادەنەی وەك ئەوەی گەلی ئیسرائیل کردیان؟ بابەتەکە هەرچی بێت، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەم شتانە بەسەر گەلی ئیسرائیلدا هات وەک پەند، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە... بۆیە خۆشەویستانم، لە بتپەرستی ڕابکەن. وەک بۆ هۆشیاران بێت دەدوێم. (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١، ١٤، ١٥) بەڵام ترسنۆکان و بێ باوەڕان و قێزەوەنان، بکوژان و داوێنپیسان و جادوگەران، بتپەرستان و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە کە مردنی دووەمە. (ئاشکراکردن ٢١: ٨) ئەگەر شایەتی خەڵک وەردەگرین، ئەوا شایەتی خودا گەورەترە، چونکە ئەمە شایەتی خودایە سەبارەت بە کوڕەکەی داویەتی...هەروەها دەزانین کەوا کوڕی خودا هات و چاوی کردینەوە تاکو ئەو بناسین کە ڕاستییە... منداڵەکان، خۆتان لە بت بپارێزن. (١ یۆحەنا ٥: ٩، ٢٠، ٢١)

خودا بەرەکەتدارت بکات کە ئەم ئاگادارییە گرنگەت بەبیر دێتەوە لە ووشەی: منداڵەکان، خۆتان لە بت بپارێزن. (١ یۆحەنا ٥: ٢١)



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا فەرمانی بە قوربانی ئاژەڵ دا؟
٢. دەبینی گەلی ئیسرائیل چیان دەکرد؟
٣. ئەی گەلی ئیسرائیل چییان کرد؟
٤. بۆچی گەلی ئیسرائیل وا زوو پشتیان لە خودا و ووشەی کرد؟
٥. هارون چی کرد؟
٦. ئەوە ڕاستییەکە بوو؟ ئایا گەلی ئیسرائیل دیانتوانی پەروەردگار بەو شێوەیە بپەرستن؟
٧. ئەی ئەو کەسەی وا بیردەکەیەوە، ئایا بەتەواوی دڵنیای کە هەرگیز بتت نەپەرستووە؟
٨. کێ خودای تۆیە؟ کێ دەپەرستی بەڕاستی، پەروەردگار خودا یاخود بت؟ ئایا ناوی خودا تەنها لەسەر زمانتە یاخود ناوی ئەو چۆتە ناو دڵتەوە؟
٩. مەوقفت چیە بەرامبەر ووشەی ڕاستەقینەی خودا؟ ووشەی خودا دەناسی؟ باوەڕت پێی هەیە؟ پڕ بەدڵت خۆشت دەوێ؟
١٠. ئەی دەربارەی تۆ؟ کێ بەڕاستی دەپەرستی، خودای ڕاستودرووست کەوا یاسا ڕاستودرووستەکەی دا بە موسا؟ باوەڕت بە ووشەی ئەو هەیە؟ یاخود هیوای خۆت لای کرداری ئایینی خۆت دادەنەی وەك ئەوەی گەلی ئیسرائیل کردیان؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com　　www.rrdk.org